# چەند پێشنیازێک بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر ... ئیسماعیل حەمەئەمین

- بۆ بەڕێزان (پارتی دیموکراسی کوردستان) و دادگای هەولێر و ڕۆژنامە کولتوری وسیاسیەکان و یەکێتی نوسەرانی کورد بەتایبەت. .
- بۆ ماڵپەڕی (کوردستان نێت) ی هێژا. .
- بۆ هەموو ماڵپەڕە ئازادەکان وکەناڵەکانی بڵاوکردنەوە. . .

بەڕێزان: سڵاو ڕێزم قبوڵ بکەن و هیوام بەختەوەری هەمووانە. .
بەندە پێی وایە تازە کار لەکارترزاوە و خەنجەرەکان هەڵکێشراون و کاری ئێمە ئەوەیە نەهێڵین خوێن بڕژێت!!، تازە دکتۆر کەمالی سەید قادر بەندکراوە، یاوەکو فرێندراوە، ئەوە تەنها یەك ناوەڕۆك دەگەیەنێ و بەهەمووی جێگەی ڕەخنەگرتنێکی مێژوویی و ئەخلاقیە. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کێشە هەنووکەییە بپێچینەوە و هەردوولایەن لەم تەڵەزگەیە وەدەربێنین، کێشەکان لەئاستێکی توندو تیژیەوە بهێنینە سەر ئاستی گفتوگۆ، ئەز ئەم پێشنیارانەی خوارەوە پێشکەشی هەموو لایەك دەکەم:

یەکەم: دکتۆر کەمال سەید قادر دەستبەجێ ئازاد بکرێت و لەگەڵیشدا هاوپێچ لەلایەن دادگاوە و لەشێوەی (پەیماننامە) یەك بەڕەسمی ئاگادار بکرێتەوە، کە شێوازی تەشهیر و بەتایبەت جنێو و ڕستەی ناشرین لە گوتار و سیمینارەکانیدا بەکارنەهێنێ و مولتەزیم بێت بە مۆراڵی نوسین و زمانی باڵای کوردی. بەمانای پابەند بێت بە فۆرمی نوسین کەنەك تەنها ڕێزگرتنە لە کەسە بەڕێزەکان بەڵکو وەك ڕێزگرتنێکە لەزمانی کوردی و لەزمانی نوسینیش بەتایبەت. لەبەرامبەر ئەوە با ئازاد بێت ئایا ئیمزای دەکات یان نا، هەموو لادانێك لەشێوازی دروستی نوسین غەرامەی پارە (نەك ئازادی) لەسەر دابنرێت، ئەم پەیماننامەیە وەربگێڕدرێتە سەر ئینگلیزی و ئەڵمانی و بدرێت بە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرەکان.

دووهەم: بۆ ئەوەی پارتی دیموکرات لەڕێگەی ئەم مەسەلەیەوە وەکو خۆیان دەڵێن تەشهیریان پێ نەکرێت و بەنادیموکراسی و دیکتاتۆر ناویان نەبەن، باپارتی ئەو تۆمەتانە بەکردەوە ڕەتبکەنەوە. با ئەوان ئەو هەڵوێستە ڕاست بکەنەوە، بە داوای لێبوردنێك لەهەموو خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیران سەبارەت بە هەڵەی گرتنێکی لەو جۆرە تەمومژاویە و ڕاپێچکردن و دەستبەسەراگرتنی دکتۆرێك کەپێیوایە هەقیقەتێك یان بەشێك لەهەقیقەت لای ئەوە و هاتووە لە کەشی ئازادی کوردستاندا گفتوگۆبکات. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە من هەرگیز ئەو فۆرم و دارشتنانەی دکتۆر کەمال بە نوسینی دەقێکی سادەش تێناگەم، جچای دەقێك بێت و بیەوێت کێشەمێژوویەکان و ڕاستیەکان یەکلا بکاتەوە!. لێرەوە داوا لە پارتی دیموکراتی بەڕێز دەکەم ڕێگەی بدەن کۆڕ و سیمینار بگرێت و پەیمانی ئازادی دەربڕینی بۆ زامن بکەن، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی شارستانیانە گفتوگۆبکات و ڕای خۆی دەرببڕێت. ئەمە باشترە لەجیاتی ئەو گوتارۆچکە پڕ تورەیانەی سەر ماڵپەرەکان و ئەو تەشهیراتەی کەئێمەی خوێنەر هیچی لێ تێنەگەیشتین، چونکە نەماندەزانی ئایا ئەمە گوتارێکی دیکۆمێنتاری مێژوویە بۆ سەلماندنی خیانەت یاوەکو

پاکی سەرکردەیەك!!، یاخود تورەبوونێکە تەنهایی و تەریکی مەنفاکان خولقاندویەتی؟!، ئەمانە هیچی شێوازی نوسینێك نەبوون ئێمە بهێنێتە ئاستی گفتۆگۆ و گومانێکی دروستانە.

سێهەم: لەسەر ڕۆشنایی ئەو خاڵەی سەرەوە، هیوادارم پارتی دیموکرات بەئاشکرا پەیمانبدات بە دکتۆر کەمال گەر ئەو بەنیازە کتێبێك لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەی ئەو ئیدیعای دەکات، بنوسێت، ئەوا با پارتی خۆی، گەر بڕوای بەخۆی هەیە!، بۆی چاپ بکات. ئەمە لەپێناو ئەوەیە کەخوێنەری کورد مافی بەراوردکاری پێبدرێت و لەگوتارۆچکەی ماڵپەڕەکانەوە بیروڕای هەڵەی لەلا دروست نەبێت. ئەز گومانم نیە لەوەی کەپارتیش بەو ئەرشیفەی کەهەیەتی دەتوانێت وەڵامی لاپەڕە بە لاپەڕەی بداتەوە. ئیدی گەلی برادەرینە بۆچی بەندیخانە و دادگا!!

چوارەم: مەبەست لەم داواکاریەم ئەوەیە کە دەسەڵات واز لە عادەتی گرتن و دادگالێگرتن و مەرکەزی پۆلیسی مەحەتە و مەحەتە ڕەنگاڵەکان بێنێت و گفتوگۆکان بهێنێنەوە نێو چوار چێوەی سروشتی خۆی، کەچوارچێوەی گفتوگۆیی مرۆڤدۆستانە و شارستانیانەیە.

پێنجەم: ئەو دیدەی لەو بڕوایەدایە، کەمرۆڤ بەچاوی (بەزەیی) یەوە سەیر بکرێت!!، بەداخەوە ئەمە دیدێکی نامرۆڤانەیە، مرۆڤ شایانی ڕێزە نەك بەزەیی. بەزەیی چەمکی زۆردارەکانە، وەکاتێك یەکێك داوای بەزەیی دەکات لەدەسەڵات بۆ یەکێك، بیەوێت و نەیەوێت، یەکەم دەیسەلمێنێ کەدەسەڵات ناهەقی کردووە و ڕێگەی گفتوگۆ نادات تەنها لەڕێگەی بەزەییەوە نەبێت، دووهەمیان قوربانی و بەند کراو لە بونەوەرێکی خاوەن ئیرادە، (کەلەوانەیە لەزیندانیشدا سەربەرز و ئازادتر بێت لەجەلادەکانی) ، دەکاتە بونەوەرێك جێگەی بەزەییە. بەمەش داواکردنی بەزەیی، لێدانە و تەشهیرە لەحورمەتی بەندکراو وەك مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە. کاتێك داوای بەزەیی دەکرێت، ئەوا ئۆتۆماتیکی بەندکراو فرێدەدرێتە خانەی (تاوانبارییەوە) ، بەزەیی بۆ یەکێکە حوکمی بەسەردا درابێت و تاوانباربێت و لەڕێگەی بەزەییەوە حوکمەکەی بگۆڕن، لەم گۆشەنیگایەوە داواکردنی (بەزەیی) تاوانبارکردنی ناڕاستەوخۆی دکتۆر کەمالی سەید قادرە و موجامەلەی پەردەپۆشی دەسەڵاتە!. . . من لەوبڕوایەدانیم هێشتا ئێمە گەیشتبێتینە ئەو شەفافیەتەی تاوەکو بزانین ڕاستی مەسەلەکان چیە؟!، و کێ تاونبارە و کێش فریشتەیە!، ئیدی بۆچی داوای بەزەیی بۆ مرۆڤێکی سەربەست بکرێت.

لەڕێگەی ئەم نوسینەوە من دوای (ڕێزگرتن) دەکەم لە دکتۆر کەمال و گەر هەڵەیەکیش کرابێت پێویستە هەردوولا بەئاشکرا داوای لێبووردن بکەن لەیەکتری. .

مەبەستی ئەم نوسینەم تەنها چەند پێشنیارێکە بۆ گێڕانەوەی زۆرانبازیە کولتوری و سیاسیەکان لە مەخفەر و دادگاکانەوە بۆ نێو هۆڵەکانی سیمینار و گفتوگۆ و نوسینی شێواز شارستانی و بەکاربردنی زمانی نوسین نەك زمانی جادە. . ئیدی شادو سەرفرازبن

ئیسماعیل حەمەئەمین
نورنبێرگ بەرواری 9. November 2005
ismailhamaamin@yahoo. com